بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ژمارەی بڕیار: ٣٠

ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٤/١١/٢٦

# «بڕیار»

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (١) لەمادده(٥٦)ی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ ولەسەر داوای وەزیری دارایی وئابووری وپێشنیاری ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق. ئەنجوومەنی نیشتمانیی لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٤/١١/٢٦ی دا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرکرد.

یەکەم: هەموارکردنی دەرماڵەی پیشەیی مامۆستایان کە دەرماڵەکە دەیان گرێتەوە مانگانە لە ٧٠ دینارەوە بۆ ١٥٠ سەدو پەنجا دینار.

دووەم: هەموارکردنی دەرماڵەی خۆجێ یەتی ودووریی ئەوانەی کە بڕگەی یەکەمی سەرەوە دەیان گرێتەوە بەم ڕێژەیەی خوارەوە دەیان درێتێ:

أ – دەرماڵەی گوندە دوورەکان بەڕێژەی ١٠٠٪ لەمووچەیان.

ب– دەرماڵەی گوندی دوور وگوندی نزیک لەسەنتەری شارو شارۆچکەکان بەڕێژەی ٦٠٪ی مووچەکەیان.

جـ– دەرماڵەی مەڵبەندی قەزاو ناحیەکان وکۆمەڵگای نیشتەجێ بوون بە ڕێژەی ٤٠٪ی مووچەکەیان.

د – دەرماڵەی مەڵبەندی پارێزگاکان بەڕێژەی ٢٠٪ی مووچەکەیان.

سێیەم: وەزیری دارایی وئابووری بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربچووێنێ بۆ ئاسان کردنی حوکمەکانی ئەم بڕیارە.

چوارەم: کار بەهیچ دەقێکی دیکە ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارە نەگونجێ.

پێنجەم: لەسەر وەزیرەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

شەشەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی (١٩٩٤/١١/١)ەوە جێبەجێ دەکرێ ولە ڕۆژنامەی ڕەسمیش دا بڵاودەکرێتەوە.

جوهر نامق سالم

سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق